## ئافرەت تایبەتمەندی وردبینانەی لە بواری ئابووری هەیە

# بەشداری پێکردنی لە کەرتی تایبەت بە پێویست دەزاندرێ

**شارەزایانی بواری ئابووری پێیانوایە بەو پێیەی ئافرەت ماڵ بەڕێوە دەبات، بیرۆکەشی لە بواری ئابووریدا لە هی پیاو زۆر وردترە. بۆ ئەوەی ئافرەت رۆڵی خۆی ببینێت لە پرۆسەی گەشەپێدانی ئابووری - کۆمەڵایەتی و بەشداری پێ بکرێت لە قۆناغەکانی دابەشین و بە بازاڕکردن، پێویستە ئافرەت بۆ رۆڵە جیاوازەکانی خانەوادەیی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و سیاسی ئامادە بکرێت. بۆیە بە جەختکردنەوە لەوەی کە ئافرەت چالاکیی ئابوورییانە ئەنجام دەدات، پێویستە جێگەی گرنگیدانی حکومەت و کەرتی تایبەت و رێکخراوە ناحکومییەکان بێت.**



توماس ئێکمان بەرپرسی (تیلییە تڤۆ) لە سوید، سەرۆکایەتی کۆمپانیایەك دەکات کە بە شێوەیەکی یەکسان لە ئافرەت و پیاو پێکهاتووە، واتە ٥٠٪ی ژن و ٥٠٪ی پیاون. توماس رایوایە: ڕاگرتنی ئەو یەکسانییە پێوەندییەکی توندی بە بیروباوەڕی بەرپرسەکانەوە هەیە، هاوکات دەڵێت: «نابێت قوڕی کۆن بشێلینەوە و خەتاکە بخەینە ملی ئەوەی کەوا ئەو حاڵەی ئێستا خەتای رابردووە، بەڵکو دەبێت بیروباوەڕی خۆت بگۆڕیت و پێشی بخەیت». سەبارەت بە دابەشکردنی فیفتی بە فیفتی رەگەزی لە ناوەندەکانی کاردا، دەڵێت: «مەرج نییە فیفتی بە فیفتی یەکلاکەرەوەی هەموو کێشەکان بێت، بەڵام بۆ ئێمە کارێکی باش بوو بۆ راگرتنی فرەلایەنی و دەوڵەمەندکردنی گفتوگۆکان کە دەرئەنجامەکەی ئەوەیە بڕیاری باشتر دەدەین».

مامۆستای زانکۆ و ئابووریناس د. عەبدلڕەزاق عوسمان ناوەندەیی، لە دەستپێکی قسەکانیدا هێما بۆ ئەوە دەکات کە «زۆر جار مەحکوومکردنی کاپیتالیزم، تەنیا لە خراپ نیشاندانی مێژوویەکەیەتی»، هاوکات دەڵێت: «بەدبەختانەیی و دابەزاندنی مەنزڵگای ئافرەت بابەتێکە جێگای تێڕامان و سەرنجدانە لە کاپیتالیزمدا. زۆرێك وا دەڕوانن کە منداڵان و ئافرەتان قوربانیی ئەو سیستەمەن و لە رێگەی شۆڕشی پیشەسازی ئیستغلال کراون، کە ئەوە هەڵەیەکی گەورەیە و من لەگەڵ ئەو ڕایەدا نیم، بەڵکو بەرەوپێش چوونی تەکنەلۆژیایە کە وای کردووە خواستەکانی ئافرەتان زیاتر و باشتر بن و بە دەرخستنی تواناکانیان لە بازاڕدا هەروەك پرۆفیسۆر تریولیان لە کتێبەکەی خۆی (رۆژە خوشە رابردووەکان«The good old days») نووسیویەتی: « ئافرەت کاتێك چووە سەر کاروکارخانە باشترین شتی ژیانی لەدەست دا، بەڵام سەربەخۆیی بەدەست هێنا. ئەو پارەیەی کە بە دەستیان دەهێنا، خۆیان خاوەنداری بوون.»

د. عەبدلڕەزاق رایوایە «ئافرەتانی کوردستان لە ژینگەیەکی تێکەڵاو دەژین کە ڕووبەڕووی کۆمەڵێك بەرەنگاربوونەوە بوونەتەوە، بەتایبەتی لە ڕوانگەی ئابووری و سیاسی، هەروەها بەهۆی بەکارهێنانی

گوڵان: کۆمەڵایەتی

توندوتیــــژی و نەبوونی ئاســـایش و کۆچکردنی ناچاری، لەگەڵ تەحەددیەکانی کۆمەڵایەتی وەك هـــەژاری و بێکاری، هەموویان دەست لەناودەست بوونەتە هۆکار بۆ تەسککردنەوەی ڕۆڵی ئابووری ئافرەتی کوردستان. ئەمەش وادەخوازێت چاوپێخشاندنەوەیەك بکرێت بە ئاڕاستەکانی پلاندانان لە داڕشتنی سیاسەت و پرۆگرامەکان و و داڕشتنی بودجەی گشـــتی دەوڵەت بە ئاڕاستەی خستنە ناوی جۆرایەتـــی کۆمەڵایەتی بۆ هاندانی ڕۆڵی هاوبەشـــێکی نوێ لە گەشەپێدانی ئابووری کوردستان و بەشداری کارپێکردنی سەرەکی لەگەڵ پیاوان لە پرۆســـەی دووبارە ئاوەدانکردنەوەو چاکســـازی و پاراســـتنی لە تەنگەژەکان. وتیشـــی: «لە ماوەی دوو دەیەی ڕابردوو ژمارەی دانیشتووانی کوردستان بە زیاتر لە دووجار زیادی کردووە و ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوان ٣,٣٪ بە ئاڕاستەی کەمبوونەوەیـــە، بە هۆی زیادبوونی ڕێـــژەی کۆچکردنی دەرەکی و کەمبوونـــەوەی ڕێژەی منداڵبوون لە دوای ســـاڵی ٢٠٠٧ـەوە، پێکهاتەی جۆرەکی دانیشـــتوان لە کوردستان لاربوونەوەی بۆ لای پیاوان سازکردووە.

ئەو ئابووریناســـە جەختی لـــەوە کردەوە کـــە «زۆریی ڕێژەی بەشداریی ئافرەت لە کۆی گشتی چینی بەرهەمهێن، ڕەنگدانەوەی ئەوەیە کەوا قەبارەی بەرپرسیاریەتی هەڵگرتنی ئافرەتان لە تەمەنی کارکردنیان بە ئاڕاستەی هاندانی بەشداربوونیانە لە چالاکییەکانی ئابووری هاوشـــان لەگەڵ پیاوان، ئەم ئاڕاستەیەش وا لە حکومەت و دانەرانـــی سیاســـەتی بەگەڕخســـتن دەکات، کەوا هەڵســـن بە دۆزینەوەی هەلی کاری زیاتر و ڕەخســـاندنی کەشو هەوای کار و داڕشتنی یاسای تایبەت بە ئافرەتان و پاراستنی مافی کارکردنیان و خانەنشینی و کار و دەستەبەری کۆمەڵایەتی لە هەردوو کەرتی تایبەت و گشتی. وتیشی: «لە ئاستی جیهاندا بەشداری ئافرەت لە چالاکییە ئابوورییەکاندا بە شـــێوەیەکی بەرچاو زیادی کردووە، بـــۆ نموونە ئافـــرەت زیاتر لە چارەگی هێـــزی کاری ئەمریکای ناوەڕاســـت و نیوەی ئەمریکای باشـــوور پێکدێنێت. بەڵام ڕێژەی بەشـــداری ئافرەت لە ئابووری کوردســـتان، ١٨٪ لە ساڵی ٢٠١٢ بۆ ٢٠١٣ بە بەراورد لەگەڵ ٧٥،٥٪ی پیاوان، لە شـــارەکان ڕێژەی بەشداری ئافرەتان ناگاتە ١٤،٨٪ی کۆی گشتی بۆ هەمان ساڵ و ئەمەش دوو راســـتی بنەڕەتیمان پیشـــان دەدات. یەکەم: بازاڕی کار لە کوردســـتان بازاڕێکی پیاوانەیە، لەگەڵ ئەوەی کە ڕێژەی ئافرەتان لە تەمەنی کارکردندا زیاترە لە ڕێژەی دانیشتووانی پیاو و پتر لە نیوەی دانیشتووانی هەرێم پێکدێنن، ئەمەش وادەکات بواری کارکردن زیاتر بۆ پیاوان بڕەخســـێت و ئەوەش لە ڕوانگەی داراییەوە لە بەرژەوەندی پیاوان دەبێت. دووەم: بەرزبوونەوەی بەشـــداریکردنی ئافرەت لە چالاکییەکانی ئابووری ڕێژەی ٢٤،٥٪ گوندو لادێکانە بە بەراورد بە بەشـــدارییان لە شارەکان بە ڕێژەی ١٤،٨٪ لە ساڵی ٢٠١٣ و بۆ خۆســـەپاندنی بەشـــداری ئافرەتـــان بەبێ کرێ و بە بەلاش لە کەرتی کشتوکاڵ لەسەر ئەژمێری چالاکییەکانی بەکرێ لە کەرتەکانی ناکشـــتووکاڵی گوندەکان بۆ خێـــزان دەگەڕێتەوە و ڕۆڵـــە تەقلیدییەکەی خۆی بە میراتـــی کۆمەڵایەتی وەرگرتووە، ئەمەش وایکردووە کەوا بەردەوامی بەرزبوونەوەی ڕێژەی بێکاری لە کوردستان بە دەردەکەوێت بە تایبەتی لە چینی ئافرەت.

ئابووریناس هونەر شێخ لەنگەری سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «پێویستە ئەو کەلتوورە بگۆڕین کە بە بیانووی ڕێگرییەکانی ئایین ڕێگە نادات ژنان لە دەرەوەی ماڵ کار بکەن. خەدیجەی هاوسەری پێغەمبـــەر (د.خ) خۆی بازرگان بووە، ئەمەش بەڵگەیە بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت کە ئیسلام ڕێگری کارکردنی ئافرەت لە دەرەوەی ماڵ نەکردووە، هەروەها پێویستە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی وشیاری خاوەن کارەکان کار بکەیـــن. تاوەکو بزانن ئافرەت ئـــەو هێزەی تێدایە کە توانای ئەنجامدانی کار و پرۆژەی هەبێت. هەروەها ئافرەتان خۆیان پێویستە هەوڵ بدەن، بە دەرخستنی تواناکانیان ئەو کۆت و بەندانەی بەردەمیان بشـــکێنن، ئـــەو کەلتوورە ڕەت بکەنـــەوە کە ئافرەت بە «زەعیفـــە» ناودەبات. چونکە ئافرەت جیاوازی نییە لەگەڵ پیاو. دەبێت را و سەرنج و تێبینییەکانی بە هەند وەربگیرێت و سوودی لێ ببیندرێت، رای جیاواز و بە کۆمەڵ ئەنجامی تەندروســـت و جوان دروســـت دەکات، ڕۆڵی ئافرت لە هەمـــوو بوارێکی ژیان گرنگی و تایبەتی خۆی هەیە، ئافرەت دەتوانێت بڕیاری دروســـت و جوان دەربکات لە ئیدارەدانی فەرمانگەیەك، یاخود دەزگایەك، لە ڕووی ئابووریشـــەوە زۆر گرنگە ڕۆڵی ئافرەت لە بەرچاو بگیرێت، لەبەر ئەوەی ئافـــرەت پێش پیاو کەوتووە لە ئیدارەداندا، هۆکارەکەشـــی ئەوەیە کە ئافرەت لـــە تەمەنێکی زۆر کەمەوە فێری بەڕێوەبردن و ئیدارەکردنی ماڵ و خێزان دەبێت، ئەو ئەرکەشـــی لەوانەیە لە کاری فەرمانگەیەك قورســـتر بێت. چونکە ئەرکی ماڵ لە بەخێوکردنی منداڵ و پیاو، خۆڕاگـــری و تەحەمولی دەوێت، بەڵام فەرمانگە جیاوازە و بە گوێرەی یاسا و ڕێنماییەکان کار دەکا.

چالاکی بـــواری مافەکانی ئافرەت گۆڤار رزگار قســـەکانی بەوە دەســـت پێدەکات کە «کەلتـــوور و داب و نەریت لە رابردوو تا ئێســـتاش وای لە ئافرەت کردووە کە ژێردەســـتە بێت و نەتوانێت بە ئاسانی لە دەرەوەی ماڵ کار بکات». گۆڤار نەبوونی دەستەبەری کۆمەڵایەتی و گەرەنتی کار بە هۆکاری سەرەکی بۆ دوورەپەرێزی ئافرەتان لە کەرتی تایبەت و کۆمپانیا ئەهلییەکان دەزانێت، وتیشی: «لە کاتێکدا بازووی کاری ئافرەت بۆ بەگەڕخستن و پێشکەوتنی ئابووری وڵات لە پێویســـت پێویســـت تـــرە کۆمپانیاکانی کەرتی تایبـــەت بەهۆی نەبوونی متمانە و بـــە کەم بینینی تواناکانی ژن لە کارکردندا، کەمترین دەرفەت بۆ ئافرەتان دەڕەخسێنن تاوەکو کار بکەن، لە ئێستاشـــدا خراپبوونی باری ئابووری وڵات بە شێوەیەکی گشـــتی هەلی کارکردنی ســـنووردار کردووە، بە واتایەکی دیکە بەشێکی پیاوانیش دەرفەتی کارکردنیان لە جاران زۆر کەمتر بووە.

گوڵاڵە سەعید، خانمیکی میدیاکارە و سەرکەوتن و پێشکەوتنی هەر کۆمەڵگەیەك، بە بەشـــداری تاکەکانی ئـــەو کۆمەڵگەیە لە هەمـــوو بوارەکان و بەتایبەتی بە بواری ئابوورییەوە گرێ دەداتەوە، هاوکات دەڵێت: «ژنان هەموو کات وەکو کەسی دووەم و کارکەری ماڵ و بە خێوکەر و خزمەتکار بەکارهێندراون، ئەم کەلتوورەش بواری دابینکردنی ئابووری ماڵی خســـتووەتە ئەستۆی پیاو و گوشاری لەسەر دروست کردووە، تەنانەت ژنیشـــی کردووە بە کاراکتەرێکی بێســـوود. لەکاتێکدا ژنان بەهۆی چەندیـــن تایبەتمەندی جیاواز دەتوانن لە پیاوان باشـــتر و بە سوودتر و زیرەکتر کار بکەن. چونکە دایکایەتی و ســـەبووری و ئارامی و دڵگەورەیی و ڕوانینی جیاواز بۆ ژیان، لە تایبەتمەندییەکانی ژنن. هەروەها هەســـتکردنی زیاتر بە بەرپرسیارەتی ســـیفەتی ئافرەتانە، بێگومان سەلماندووشیانە کە زیاتر دەتوانن خۆیان لەگەڵ هەموو بارودۆخێك بگونجێنن. هەڵبەت ناتوانین وا بیربکەینەوە ئەگەر لە شـــوێنێك ١٠ کەس کار دەکەن ٥ یان ٦ یان ژن بوون ئەوا یە کسانی هەیە و ئیتر هیچ کێشەیەك نییە، ئەمـــە دەکرێت هەنگاوێکی باش بێت، بەڵام بە مەرجێك بیرکردنەوە و بڕیارەکان هەمووی لە دەســـت پیاوەکاندا نەبێت، یان بۆچوونەکان پیاوانە نەبێت، پێویستە پیاوان ئەوەیان لەبەر چاو بێت کە بە درێژایی مێـــژووی مرۆڤایەتی ژنان بەڕێوەبـــەری ماڵ بوون و دەزانن چۆن هەنگاو هەڵبگرن بۆ ئەوەی ئابووری خێزان بەرەو پێش ببەن.

**پێویستە پیاوان ئەوەیان لەبەر چاو بێت کە بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی ژنان بەڕێوەبەری ماڵ بوون و دەزانن چۆن هەنگاو هەڵبگرن بۆ ئەوەی ئابووری خێزان بەرەو پێش ببەن**

**ئافرەت لە تەمەنێکی زۆر کەمەوە فێری بەڕێوبردن و ئیدارەکردنی ماڵ و خێزان دەبێت، ئەو ئەرکەشی لەوانەیە لە کاری فەرمانگەیەک قورستر بێت. چونکە ئەرکی ماڵ لە بەخێوکردنی منداڵ و پیاو، خۆڕاگری و تەحەمولی دەوێت، بەڵام فەرمانگە جیاوازە و بە گوێرەی یاسا و ڕێنماییەکان کار دەکا**

**ژنان هەموو کات وەکو کەسی دووەم و کارکەری ماڵ و بە خێوکەر و خزمەتکار بەکارهێندراون، ئەم کەلتوورەش بواری دابینکردنی ئابووری ماڵی خستووەتە ئەستۆی پیاو و گوشاری لەسەر دروست کردووە**



# ئایا کردنەوەی چەند خولێکی پیشەیی ئافرەتان لە قەیرانە کۆمەڵایەتییەکان دەرباز دەکات؟

ئافرەتان کردنەوەی خولەکانی فێرکاری و مەشق و ڕاهێنان بۆ فێر بوونی تەنیا پیشـــەیەك لە لایـــەن ڕێکخراوەکانەوە بە تاکە چارەســـەر بۆ دەربازبوونیان لە قەیرانە کۆمەڵایەتییەکان نازانن. ڕایەکیش هەیە بە پێویستی دەزانێت کە لە خولەکاندا ڕاهێنان لە چالاکی سیاسی و بەشدارکردنی ئافرەت لە دروستکردنی سیاسەت بایەخـی تەواوی پێ بدرێت، تاوەکو لـــەو ڕێگەوە دەرفەتی وەرگرتنی پۆســـتی شایستەیان بۆ بڕەخسێنن، بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گوڵان ڕا و سەرنجی خۆیان لەسەر ئەو پرسە دەخەنەڕوو.



سەرەتا کۆمەڵناس ئیبراهیم حاجی زەڵمی، کە بڕوانامەی ماستەری لە بواری کۆمەڵناسی هەیە، ئاماژە بەوە دەکات کە «رەگەز هیچ پێوەرێك بۆ مرۆڤەکان دانانێ، بەڵکو هەڵگری توانست و ویست و پاڵنەری ناخی تاکە کە بە شوێن سەلماندنی ئەو خودەیە کە لە هەگبەی بوونیدایە وەك مرۆڤێك، بۆیە مرۆڤەکان لە ناخەوە هەڵگری ویست و ئیرادە و مەزنیی خۆیانن، بەڵام زۆر جار کۆمەڵگە سنوورداریان دەکات، واتە کۆمەڵێك پێوەر دەهێنێتە پێشەوە و لەوێوە مرۆڤەکانی پێ دەپێوێت، ئەگەرنا مرۆڤ بە بێ جیاوازی رەگەزی هەڵگری مەزنی و ئەخلاقییات و بەهای باڵای ئینسانی خۆیەتی و هەر ئەوەشە بەشە مەعنەوییەکەی مرۆڤ پێکدەهێنێت.»

ئەو کۆمەڵناسە رایوایە «کاتێ کۆمەڵگە بەها ماددی و پیشەییەکان دەکاتە پێوەر و خەریکی بە ماددی کردنەوەی مرۆڤە، بە جۆرێ لە جۆرەکان مرۆڤ لە مەعنەوییات و ئاکار خاڵی دەکاتەوە. - ئاکار بەمانا فراوانە مرۆڤانەکەی، وەك ئەوەی کانت باسی لێوەدەکات-، ئیتر لەو کاتەدا مرۆڤ وەك رۆبۆتێکی لێدێت و دیسانەوە دەبێت بخرێتەوە بەردەم فێرکردنەکان و تەڵقینکردنەکان، لە کاتێکدا مەزنی و گەورەیی مرۆڤ بە بێ جیاوازی رەگەزی لە مرۆڤی و ئاکار و باڵایی ویست و ئاواتە مرۆڤایەتییەکانیەتی، نەك چەندە لەو زمانە دەزانێ، یان چەند لەو خولە فێری دروومان بووە، یان شتی ناماقووڵی لەو شێوانە، هەر بۆیە کاتێك کۆمەڵگە دەیەوێ وەك بابەتێکی ماددییانە سەیری ئافرەت بکات، ئیتر سەرقاڵی شتە ماددییەکانی دەکات و لەو ویست و توانا و ئاکار و ئەو بەرپرسیاریەتییە ئینسانییەی کە لەهەگبەی مرۆڤبوونیدایە خاڵی دەکاتەوە، یان بە فێربوونی چەند شتی رووکەشی و ماددییەوە سەرقاڵی دەکات.» وتیشی: «لە راستیدا چەمکی مۆدێرن هەنگاوی باشی هەڵگرتووە بۆ دەرکردنی ئافرەت لە کۆمەڵێ قەید و بەندی کەلتوورە سەقەتەکانی کۆمەڵگە، بەڵام بەو پێیەی ئەو چەمکەش پێوەرەکانی ماددی بوون، دیسان نەیتوانی ئافرەت ئەوەی لە هەگبەی مرۆڤبوونیدایە بیخاتەڕوو، بۆیە ئەو بەرپرسیاریەتییە مەزنەی کە لە ئەستۆیدایە، هێشتا رێگە و میکانیزمی گونجاوی نەخستووەتە بەردەستی ئافرەتی ئێمە، بۆیە زۆرجار ئەگەر ئافرەت کەمێك بە ئاگا نەبێ، خۆی دەکاتەوە بە شمەك و کاڵا.

توێژەری کۆمەڵایەتی لەتیف حوسێن، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «بەشێك لە رێکخراوەکانی ژنان، بەتایبەت ئەو رێکخراوانەی کە کار بۆ بەرزکردنەوەی تواناکانی ژنان دەکەن، هێندەی بیر لە جێبەجێکردنی پڕۆژەکەیان دەکەنەوە، نیو هێندە گرنگی بە کوالێتی ئەو خول و وۆرکشۆپانە نادەن کە بە ناوی بەهێزکردنی تواناکانی ژنان دەیکەنەوە، کردنەوە و چالاکی لەو جۆرانە بۆ ئافرەتان بایەخی هەیە و گرنگە، بەڵام دەشبێت بزانرێت کە تا چەند بەشداربووەکانی سوود لە پڕۆژەکەیان وەردەگرن و تا چەند دەتوانن توانا و هێزی کارکردنیان لە شوێنی تایبەتی خۆی بەکار بهێنین.»


لەتیف پێداگری لە سەر ئەوە دەکات کە «لەسەر ئەرزی واقیع تا ئێستا ئەوە نەسەلمێندراوە کە خول و وۆرکشۆپی تایبەت بە ژنان زۆربەیان بۆ مەبەستی ماددی و نواندنی چالاکی رووکەشییە، هەر بۆیە نەتوانراوە لە دەرئەنجامی ئەو خولانەوە ئافرەتان تواناکانی خۆیان زیاتر نیشان بدەن.» وتیشی: «نابێت چالاکی و هەوڵی ئەو رێکخراوانە نادیدە بگرین، کە شێلگیرانە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی تواناکانی ئافرەت کار دەکەن. هێشتا رێکخراوەکانی ئافرەتان کاری زۆرتریان لەبەردەمدا ماوە، بۆ ئەوەی هەر هەوڵێك ئامانجی خۆیان بپێکن». نموونەشی بەوە هێناوە کە «هێشتا کارکردن لە سەر ئەقڵی پیاوسالاری و ژن بە زەعیفە لە قەڵەمدان، کارێکی زۆر پێویستە، چونکە پێشکەوتنێکی بەرچاو لەو بوارەدا بەدی ناکرێ، بۆیە تا ئێستاش رەگەزی مێینە لە ناو بڕیاری سیاسی و شوێن و جومگە گرنگەکانی دەسەڵات بوونیان نییە و ناتوانن خاوەنی بڕیاری راستەقینەی خۆیان بن، راستە گۆڕانکاری روویداوە و ئافرەتان لە ئاستێك لە سەرکردایەتی حزبەکاندا دەبیندرێن، بەڵام بوونیان زیاتر بۆ میکیاژکردنی حزبەکانیانە و وەك پێویست رۆڵ و پێگەیاندن نییە، بۆیە زۆر گرنگە کە رێکخراوەکانی مەدەنی ئەرکی راستەقینە و توانای ئافرەتان بسەلمێنن».

فەزیلە شۆڕش بەرپرسی ئۆفیسی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان لە ئەورووپا، سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە قۆرخکردنی پۆستە باڵاکانی دەسەڵاتی کوردی هیچ کاتێك بەخواستی ئافرەت نەبووە، بەڵکو هۆکارگەلێك ئافرەتی دوور خستۆتەوە و هێڵی بۆ راکێشاوە، لە سەرووی هەموویانەوە هۆکاری کۆمەڵایەتی، لەوێوەش خێزان و کۆمەڵگە وایانکردووە ئافرەتان نەتوانن وەك پێویست لە شوێنی بڕیارداندا تواناکانیان بەدەربخەن، لە کاتێکدا توانا هزری و جەستەییەکانی خود، - بە نێر و مێ - پێویستیان بە گەشەپێدانە.» وتیشی: «چەندین رێکخراوی حکوومی و ناحکوومی هەن کە باوەڕیان بە توانای ئافرەت وەکو تاك هەیە و ئامانجیان پێشخستن و گەشەپێدانی ئافرەتە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان، بوونی خولی فێرکاری مانای ئەوە نییە کە ئافرەتی بە توانامان نییە، بەڵکو بە پێچەوانەوە ئافرەتی زۆر بەتوانا و کارامەمان هەیە، کە شوێنپەنجەیان لەسەر لاپەڕەکانی مێژووی پڕ سەروەریمان دیارە، راستە هەندێك لە خولەکان پیشەیین، بەڵام بەشێك لە ئافرەتان بۆ باشترکردنی ئاستی بژێوی ژیانیان پێویستیان بەمجۆرە خولانە هەیە، تەنانەت لە وڵاتانی ئەورووپاش رۆژانە خولی فێرکاری بە هەموو ئاستەکانیەوە دەکرێنەوە، هەر لە فێرکردنی چێشتلێنان تا خولی زانستی بۆ ئافرەتان دەکەنەوە. ناکرێ خۆمان لەگەڵ وڵاتانی زۆر پێشکەوتوو بەراورد بکەین، ئێمە جارێ وڵاتێکی سەربەخۆ نین و هەرێمێکین لە پرۆسەی پێشکەوتن و هەنگاونانداین، کە دوژمنانمان هەر رۆژەو قەیرانێکمان بۆ دروست دەکەن، بۆیە ناتوانین بە خواستی خۆمان و بە شێوەیەکی باش سوود لە ئەزموونی وڵاتانی پێشکەوتوو وەربگرین، بۆیە دەکرێ شتە باشەکانی تەکنەلۆژیا ببێتە خولێکی فێرکاری باش بۆ گەشەدان بە توانا مرۆییەکان بۆ گەیشتن بە کۆمەڵگەیەکی یەکسانخواز و پێشکەوتوو کە لە جیاوازی رەگەزی و بێبەشکردنی ئافرەت لە پۆستە باڵاکانی دەسەڵات دوور بێت.»

**لە کاتێکدا توانا هزری و جەستەییەکانی خود، - بە نێر و مێ - پێویستیان بە گەشەپێدانە، کەچی خێزان و کۆمەڵگە وایانکردووە ئافرەتان نەتوانن وەک پێویست لە شوێنی بڕیارداندا تواناکانیان بەدەربخەن**

**دەکرێ شتە باشەکانی تەکنەلۆژیا ببێتە خولێکی فێرکاری باش بۆ گەشەدان بە توانا مرۆییەکان بۆ گەیشتن بە کۆمەڵگەیەکی یەکسانخواز و پێشکەوتوو کە لە جیاوازی رەگەزی و بێبەشکردنی ئافرەت لە پۆستە باڵاکانی دەسەڵات دوور بێت**

**راستە هەندێک لە خولەکان پیشەیین، بەڵام بەشێک لە ئافرەتان بۆ باشترکردنی ئاستی بژێوی ژیانیان پێویستیان بەمجۆرە خولانە هەیە، تەنانەت لە وڵاتانی ئەورووپاش رۆژانە خولی فێرکاری بە هەموو ئاستەکانیەوە دەکرێنەوە**



## ئافرەتێکی ئەنفالکراوی گەرمیانی:

# تاوانەکانی داعش بەرامبەر بە کوردیی ئێزیدی و کارەساتی شنگال برینی ئەنفالی نوێ کردەوە

**گەرمیان جگە لەوەی کە وێنەیەکی زۆر جوانی پێکەوەژیانی ئاشتییانەی لە کوردستان وێنا کردووە، لە ڕووی نەتەوەیی و جوگرافیشەوە دەڤەرێکی گرینگە بۆ کورد و خەڵکی ئەو ناوچەیە ڕۆڵێکی بەرچاویان لە شۆڕشەکانی کوردستاندا هەبووە و پێشمەرگە و شۆڕشگێڕی زۆریان پێشکەشی بزاڤی رزگاریخوازی کورد کردووە. هەر ئەوەش وایکردووە کە لە پاش ئەنفالی بارزانییەکان، رژێمی رووخاوی بەعس شاڵاوە بەدناوەکەی ئەنفال رووبەڕووی خەڵکی وڵاتپارێزی گەرمیان بکاتەوە. ئەو تاوانە وەحشیگەرانەیەی سەدامییەکان هەزاران دایکی جەرگ سووتاو و ئافرەتی بێ هاوسەر و بێ رۆڵە کراوی تا هەنوکەش لە چاوەڕوانی و تاسەبارییەکی دڵتەزێندا هێشتووەتەوە. یەکێك لەو ئافرەتانەش سەرەڕای باسکردنی بەسەرهاتی مەینەتباری خۆی بۆ گوڵان، جەخت لەوە دەکاتەوە کە تاوانەکانی داعش بەرامبەر بە کوردانی ئێزیدی برینی ئەنفالی نوێ کردووەتەوە.**

نەعیمە مەنسوور ئافرەتێکی تەمەن ٥٧ساڵە و کاتێك باسی تاوانی ئەنفال دەکات، دڵە پڕ نەفرەتەکەی، چاوە چاوەڕوانەکانی دێنێتە لەرزە و دەنك دەنك مرواری فرمێسك بە سەر گۆنای دایکانەیدا گلار دەکاتەوە. وەك خۆی باسی دەکات هێشتا تەمەنی لە ٣٠ساڵ تێنەپەڕیبوو، کە باوك و دوو برای و هاوسەرەکەی و کوڕە مێرمنداڵەکەی بەر پرۆسەی بەدناوی ئەنفال کەوتوون. ئەو یەکێکە لەو هەزاران کەسەی کە بەر تاوانە گەورەو ترسناکەکانی «رژێمی لە گۆڕنراوی بەعس» کەوتووە. ژیانی ئەو خاتوونە پڕە لە میلودرامای دڵتەزێن و کۆستەکانی ژیانی تا ئێستا رێی پێنەداوە، جلوبەرگێکی جگە لە رەنگی رەش لەبەر بکات.

نەعیمە لە کاتی گێڕانەوەی بەسەرهاتی خۆیدا، پەیتا پەیتا فرمێسکەکانی چاوی دەسڕێتەوە و چەند جارێك هەر دوو دەستی بەرەو ئاسمان بەرز دەکاتەوە و دەڵێت: «خوای گەورە وەك چۆن تۆڵەی ئەنفالی کوردی لە سەدام کردەوە، ئەوهاش دەستی تۆڵەی بگاتە ملی سەرۆکی داعشەکان و بە دەستی شنگالییەك بیخنکێنێت.» جەختیش لەوە دەکاتەوە کە کەسوکاری ئەنفالکراوەکان زۆر باش لە مەینەتی و قوربانییانی دەستی وەحشەکانی داعش تێدەگەن و هاوکات لە ناو هەنیسکی گریاندا دەڵێت: «من باش دەزانم ئەو خوشکە ئێزیدییانەمان کە باوك و برا و کەسوکاریان رەشەکوژ کراون، ئێستا چ حاڵێکیان هەیە، تاوانەکانی داعش بەرامبەر بە کوردانی ئێزیدی و کارەساتی شنگال برینی ئەنفالی بۆ ئێمەش نوێ کردەوە». بەمجۆرەش باسی بە سەرهاتی خۆی دەکات: «پێموایە سەرەتای مانگی نیسانی ساڵی ١٩٨٨ بوو کە جەیشی عێراقی بە تۆپ و تەیارە، هێرشیان کردە سەرمان. ئەو کات من و خێزانەکەم و ماڵی باوکم هەموو پێکەوە گوندەکەمان چۆڵ کرد و چووینە شارۆچکەی سەنگاو. بەعسییەکان بە شۆفڵ زۆربەی گوندەکانیان دەڕووخاند، حکومەت دەستگیریان کردین و رەوانەی (سمود)»یان کردین، لەوێ پیاوەکانیان لێ جیاکردینەوە، ئافرەتەکانیشیان بەرەو نوگرە سەلمان نارد، دۆخی تەندروستیمان زۆر خراپ بوو، زۆر خەڵك لەبەر ئەو دۆخە خراپە گیانیان لە دەستدا، زۆرێك لە ئافرەتان منداڵەکانیان لەبەر چاوی خۆیان گیانیان لە دەست دا، کەسیش نەیزانی تەرمەکانیان لە کوێ ناشت. زیندانەکە پڕ بوو لە ژن و منداڵ، ئۆتۆمبێلی سەربازی هەبوو، پێیان دەگوت «ئیڤا»، هەر کات یەکێك لەو ئۆتۆمبێلانە دەهاتە «نوگرەسەلمان»، دەمانزانی ئەوە هەر کوردە لێقەوماکەیە و دەیانهێنن و زیندانییان دەکەن، بەڵام نەماندەزانی بەشێکی زۆریان دەبنە خۆراکی سەگە هارەکان، بە چاوی خۆم بینیومە کە کوژراوەکان لە بن بستێ خاك دەشاردرانەوە و دواتر سەگە هەرەکان کە لە بەعسییەکان هارتر بوون، خاکەکەیان هەڵدەدایەوە و کەڵپەیان لە تەرمەکان گیر دەکرد و دیانخواردن».

وەك نەعیمە باسیکرد، ئەو کات ژمارەی بەندکراوەکان «٤




**ئۆتۆمبێلی سەربازی هەبوو، پێیان دەگوت «ئیڤا»، هەر کات یەکێک لەو ئۆتۆمبێلانە دەهاتە «نوگرەسەلمان»، دەمانزانی ئەوە هەر کوردە لێقەوماکەیە و دەیانهێنن و زیندانییان دەکەن، بەڵام نەماندەزانی بەشێکی زۆریان دەبنە خۆراکی سەگە هارەکان**

بۆ ٥» هەزار کەس دەبوون، زۆربەشیان لە چارەنووسی خێزانـــی خۆیان ئاگادار نەبوون. ئـــەوەی زۆر ئازاری ئەو ئافرەتە دەدات و لە بیرەوەرییەکانی ناسـرێتەوە، درندەیەکە لە پێســتی مرۆڤدا بـــە ناوی «حەجاج»، ســـەبارەت بەو بوونـــەروەش دەڵێـــت: «زۆر کەس لە قاعەکـــەی ئێمە بوونە قوربانـــی بڕیارەکانی حەجاج، ئەو بەعســـییە پیسە رەحمی بە کەس نەدەکرد، ئافرەتە گەنجەکانی بۆ بەرپرســـانی خۆی دەبرد، تەعەددای لـــە زۆر ئافرەت کرد، زۆر کچی گەنجیش هەبوون کە بە هۆی ئەو نامەردە، خۆیان کوشـــت. ئەو ناپیاوانی بەتەمەنی لە بەر هەتـــاو رایدەگرتن بۆ ماوەی چەند کاتژمێر لـــە رۆژێکدا، ئازار و ئەشـــکەنجەی زۆری دەستگیرکراوەکانی دەدا، بە هەر حاڵ دوای دەرچوونی لێبوردنی گشتی بە وەجبات بەرمانیان دا. بەڵام دوای رزگاربوونیشـــمان لەو دۆزەخە، تازە کێشەکان دەستی پێدەکرد، ئێمە سەرپەرشـــتی خێزانمان نەماوبوو، دەبووا خۆمـــان نانی خۆمان و خێزانەکانمان پەیدا بکەین. من باوك و دوو برا و شووەکەم و کوڕە تاقانەکەم، بێ سەر و شوێن کرابوون، یەکێك دەیگوت ماون، یەکێك دەیگوت کـــوژراون، تا ئێســـتاش من چاوەڕوانـــی هەواڵێکی ئەوانم.»

ئـــەوە دواقســـەی نەعیمە بوو. چیدی فرمێســـك دەرفەتی قسەکردنی پێنەدا.